گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(5).Paper7

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 28/02/2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 26/04/2024
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/10/2024

# شیکردنەوەی ئیدیۆمەکانی (سەر) لەزمانی کوردیدا، لەژێر ڕۆشنایی تیۆری مێتافۆری چەمکی، لەڕوانگەی قوتابخانەی زانینییەوە

**نەوزاد ئەنوەر عومەر**

nawzad.anwer@koyauniversity.org

بەشی زمانی کوردی، فەکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (شیکردنەوەی ئیدیۆمەکانی (سەر) لەزمانی کوردیدا، لەژێر ڕۆشنایی تیۆری مێتافۆری چەمکی، لەڕوانگەی قوتابخانەی زانینییەوە)یە. زمان یەکێکە لەدەستکەوتە گرینگەکانی مرۆڤ و پانتایەکی گەورەشی لەژیانی مرۆڤدا داگیرکردوە. هەربۆیە لەکۆنەوە مرۆڤ بایەخی پێداوە و هەوڵیداوە لە نهێنیەکانی تێبگات. ئیدیۆمەکان بەشێکی گرینگی هەر زمانێکن، لێکۆڵینەوە لێیان یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لەدونیابینی مرۆڤ و چۆنیەتی ڕوانینی بۆژیان. قوتابخانەی زمانەوانی زانینی جیا لەهەمو قوتابخانە زمانەوانییەکانی تر دەڕوانێتە ئیدیۆم، قوتابخانە زمانەوانییەکانی دیکە، لەلایەنی سینتاکسی و سیمانتیکی و پراگماتیکییەکانی ئیدیۆمیان کۆڵیوەتەوە و ئیدیۆمیان وەکو پێکهاتەیەکی چەسپاو و لێکدانەبراو تەماشاکردوە، بەڵام زمانەوانی درکپێکردن بۆچونی تەواو جیاوازە، ئیدیۆم وەک مێتافۆری چەمکی دەبینێت و هەمو مێتافۆرێکی چەمکیش لەڕوانگەی پەیکاڵبونی چەمکی ئاوەزی لەنێوان بواری سەرچاوە و بواری ئامانج لێکدەداتەوە.

هەندێک لە بەکارهێنانەکانی مێتافۆر ئەمانەن: پڕکردنەوەی فەرهەنگی وشە، فەرهەنگی زمانێک چەند دەوڵەمەندو پڕبێت هێشتا بۆشایی گەورە بەخۆیەوە دەبینێت، ئەم بارە ناتەواوەی فەرهەنگ بەزۆری بەمێتافۆر پڕدەکرێتەوە. گرینگیەکی تری مێتافۆر لەوەدایە واتا پیتیەکەی دەربڕینەکە ناسرێتەوە، بەڵکو واتای نوێ و ڕەوان دەهێنێتە ناو زمانەکەوە و واتا فەرهەنگییەکەش دەپارێزێت. بەکارهێنانی مێتافۆرو کارکردنی

لەسەر بنەمایەکی ئابوری دەبێت، میتافۆر ئامرازێکی بەهێزە، هەرکاتێک بمانەوێت بارێکی نوێ بدۆزینەوە لەچوارچێوەی وشەو دەربڕینی کۆندا لێکیبدەینەوە. میتافۆر ئەوەندەی مەودای دۆزینەوە و لێکدانەوەی باری نوێ دەدات ئەوەندەش مەودای شاردنەوەی ڕاستی و پشت گوێ خستنیمان دەدات. ئەم توێژینەوەیە لێکدانەوەی ئیدیۆمەکانی (سەر)ە، لەڕوانگەی قوتابخانەی زمانەوانی درکپێکردندا، لەژێر ڕۆشنایی تیۆری میتافۆری چەمکی، لێکدانەوەی ئیدیۆمەکان ئەنجامداوە.

**وشە سەرەکییەکان:** زمانەوانی زانینی، میتافۆری چەمکی، ئیدیۆم، بواری سەرچاوە، بواری ئامانج.

## 1/1) پێشەکی

**ناونیشانی توێژینەوە:** (شیکردنەوەی ئیدیۆمەکانی (سەر) لەزمانی کوردیدا، لەژێر ڕۆشنایی تیۆری مێتافۆری چەمکی، لەڕوانگەی قوتابخانەی زانینییەوە).

زمان یەکێکە لە دەستکەوتە گرینگەکانی مرۆڤ و پانتایەکی گەورەشی لەژیانی مرۆڤدا داگیرکردوە، هەر بۆیە لەزۆرکۆنەوە مرۆڤ بایەخی پێداوە و هەوڵیداوە لەنهێنیەکانی تێبگات. میتافۆر ڕۆڵیکی گرینگی لەتێگەیشتنی خەڵکی بۆ زمان و دەوڵەمەندکردنی بە گشتی لەلایەک و بۆ تێگەیشتن لە دەربڕینە ئیدیۆمیەکان لەلایەکی ترەوە هەیە. هەروەها گرینگیەکی تری میتافۆر پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەیە کە بەهۆی سنورداریی وشەوە لەزماندا دروست دەبێت. میتافۆر بەشێکە لەزمانی بەوێنە، زمانی بە وێنە چەترێکە چەردەیەک دەربڕین و شیکردنەوەی هەمەجۆر لەخۆیدا کۆدەکاتەوە، میتافۆر یەکێکە لەوهونەرانەی کە بەهۆیەوە زمانی بەوێنە دادەڕێژێت ولەسەر بنەمای پەیوەندی لێکچون. ئەو چەمکانەی کە بەسەر بیردا زاڵن تەنیا پەیوەندییان بە هۆشەوە نییە، جگە لە بیریش هەمو چالاکییەکی ڕۆژانەشمان تا وردەکاریەکانیشی بەڕێوەدەبەن، ئەو چەمکانە ڕۆنان دەدەن بەوشتانەی پەیپێدەبەن، ئەگەر ڕاستبین لەوەدا کە پەیڕەوی بیریمان میتافۆرییە لەسروشتدا، ئەوا شێوەی بیرکردنەوە و شێوەی پەیبەشتبردن و هەمو چالاکی ڕۆژانەمان بەزۆری بەمیتافۆر دەکرێت. میتافۆر دیاردەیەکی زمانی بڵاوە، لەزۆر شێوەی گەیاندنی زمانیدا دەبینرێت، وەک ئاخاوتنی ڕۆژانە، گوتاری ڕۆژنامە، گوتاری ئایینی، نوسینی فەلسەفی و ڕۆمان و شیعرو...هتد.

**سنوری توێژینەوە:** سنوری توێژینەوەکە ئاستی سیمانتیکی زمانە، بەتێروانینی قوتابخانەی زمانەوانی زانینی.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاری لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری میتافۆری چەمکی، قوتابخانەی زانینییە.

**کەرەستەی توێژینەوە:** کەرەستەی ئەم توێژینەوەیە((ئیدۆمەکانی (سەر)ە، لەدیالێکتی کوردی ناوەڕاست، لەزمانی کوردی))دا.

**ناوەرۆکی توێژینەوەکە:** بەشێوەیەکی گشتی لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکی و دو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتوە لەبەشی یەکەمدا باس لە تێروانینی هەردو قوتابخانەی زمانەوانی دێرین و درکپێکردن بۆ ئیدیۆم کراوە، هەروەها تیۆری میتافۆری چەمکی و جۆرەکانی میتافۆرە چەمکییەکان و هاوگیری (پەیکاڵبون) میتافۆری لەنێوان هەر دو بواری سەرچاوە و ئامانج خراونەتە ڕو، لەبەشی دوەمیش ئیدیۆمەکانی (سەر) بەپێی تیۆری میتافۆری چەمکی شیکراونەتەوە، دواتریش ئەنجام ولیستی سەرچاوەکان خراونەتە ڕو.

## 2/1) میتافۆر لەڕوانگەی زمانەوانی دێرین و زمانەوانی زانینی(معریفی)

میتافۆر لای زۆرینەی زمانەوانەکانی قوتابخانەی دێرین، وەکو بەشێک لەخەیاڵ(ئەندێشە)ی شیعری سەیرکراوە، وەکو جوانکاری و ڕەوانبێژی باسکراوە(شیلان و بەهرە 2020: 193). واتە وەکو لایەنێکی بەکارهێنانی نائاسایی سەیرکراوە بەوەی میتافۆر تایبەتمەندی زمانییەو پەیوەستە بەدەربڕاوەکانەوە نەک وەکو بیرکردنەوە و چالاکی هزری، هەندێک پێیانوایە بەئاسانی دەتوانین دەستبەرداری میتافۆر ببین. قوتابخانەی زمانەوانی دێرین لەوباوەڕەدان، کە میتافۆر زادەی ئەندێشەی شاعیرە و زەخرەفەیەکی ڕەوانبێژییە، ئامرازێکە لەزمانی نائاسایی زیاتر بەدیدەکرێت، هەر بەتێروانینی ئەوان میتافۆر تایبەتییەکی زمانەو پەیوەندی بە وشەوە هەیە نەوەک چالاکی، هەر لەبەرئەمەشە ئاوابیردەکەنەوە، کە بەبێ میتافۆریش ژیان دەچێتەسەر. هەروەها وایدەبینن کە بیر لەسەر مەرجی ڕاستی(واتای حرفی)و بوارەکانی، ڕاستی و درۆ بەشێوەیەکی بابەتی دروستدەبێت. (کوڤیچیش2010:5)پێیوایە میتافۆر لەچوارچێوەی قوتابخانەی دێریندا پێنچ تایبەتمەندی گرنگی هەیە.

1) میتافۆر تایبەتە بە وشە، واتە تایبەتمەندی وشەیە و دیاردەیەکی زمانییە.

2) میتافۆر بەمەبەستی هونەری و ڕەوانبێژی بەکاردەهێنرێت.

3) میتافۆر لەسەربنەمای لێکچواندن و بەراوردکردن و ناساندنی دو شت یان دو قەوارە دامەزراوە.

4) میتافۆر بریتییە لەبەکارهێنانی ئاگایانە و بەئەنقەستی وشە، لەمەشدا دەبێت نوسەر یان ئاخێوەر بەهرەیەکی تایبەتی بۆ بەکارهێنانی میتافۆر بەشێوەیەکی کاریگەر هەبێت.

5)میتافۆر شێوازێکی ئاخاوتنە، کە دەکرێت لەژیانی ڕۆژانەماندا بەکارینەهێنین. (جواد 2022: 38).

بەپێچەوانەی تێروانینی زمانەوانی دێرین بۆ میتافۆر، قوتابخانەی زانینی تێروانینێکی تەواو جیاوازی بۆ میتافۆر هەیە، بەو پێیەی کە سیستەمی بیریی مرۆڤ کە شێوەی بیرکردنەوە و چالاکی دیاریدەکات لەبنەڕەتدا سروشتێکی میتافۆری هەیە. واتە میتافۆر لەژیانی ڕۆژانەماندا ئامادەیە ولەنێو بیرکردنەوەو ئەزمونەکانمان

بونی هەیە. هەروەها بۆچونی نوێ میتافۆر وەک پێکهاتەیەکی ناوەندی هزری نەوەک پێکهاتەیەکی زیادکراو بۆ ڕاستی دەبینێت، لەمەوە دەردەکەوێت کە میتافۆر لە هەمو دیاردەکان و بەکارهێنانە ئاساییەکانی ڕۆژانەمان  ئاخاوتنە زمانییەکان ڕێکدەخات. ئەمەش ئەو بۆچونە کۆنە ڕەتدەکاتەوە کە دەڵێت میتافۆر دیاردەیەکی زمانییە و هزری نییە. هەروەها دەڵێن زمانی ئاسایی ڕۆژانە، لەسەر بنچینەی واتای پیتی نەوەک میتافۆری وەستاوە. زمانەوانی نوێ ئەوەی چەسپاند کە میتافۆر دیاردەیەکی ناوەندی زاڵە لە واتای وتەی ڕۆژانە و بەشێکە لەبیر، بەنمونەی ئەوەی کە ئامرازێکە بۆ وێناکردنی جیهان و شتەکانی ئامادەبونی لەهەمو دیاردەکاندا. (ألازهر الزناد2009: 142)

(لاکۆف و جونسن) لەپەرتوکی ((ئەو میتافۆرانەی بەهۆیانەوە دەژین)) ئەوەیان گەڵاڵەکردوە، کە میتافۆر تەنها شێوازێک نییە لە دەربڕین، بەڵکو لەبنەڕتدا بەکارهێنانی زمان میتافۆرانەیە، بەمەش دروستە چەمکییەکان، شارەزایی و نەخشەپێشینەکان، یان ئەو وێنە هۆشەکیانەی لە یادگەی درێژخایەندا هەڵگیراون، کە لەئەزمونەوە وەرگیراون ڕێکدەخرێن. ئەم پرۆسە میتافۆرییە لە قۆناغێکی پێشکەوتوتردا کەلتورو واتا کۆدەکاتەوە، کە بەئاوێتەبونی چەمکەکانە.(ئەحمد 2015: 37). هەروەها (لاکۆف و جونسن) هەر لەم پەرتوکەدا تایبەتمەندی میتافۆر بەمشێوەیە دەخەنەڕو:

1)میتافۆر خەسڵەت و تایبەتمەندی چەمکەکانە، نەوەکو هی وشەکان.

2)ئەرکی میتافۆر چاکتر تێگەیشتنە لە هەندێ چەمک، نەوەکو ئامانج لێی تەنها کاریگەری ڕەوانبێژی و جوانیناسی بێت.

3)مەرج نییە لەهەموبارێکدا میتافۆر لەسەربنچینەی لێکچواندن بێت.

4)بەکارهێنانی میتافۆر تایبەت نییە تەنها بەخەڵکی لێهاتو ڕۆشنبیر و لێزان و بەهرەمەند، بەڵکو ڕۆژانە لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە بەکاردێت.

5)میتافۆر لە ڕوی زمانەوانییەوە جوانکاری و ڕەوانبێژی تێدایە، بەڵام پرۆسەیەکی هۆشەکی و بیرکردنەوەی واقعیانەی مرۆڤە.   (Kovecs, 2010: 8).

### 3/1) تیۆری میتافۆری چەمکیانە

دیارترین و گرینگترین ئەو تیۆرانەیە کە بەدرێژایی گەشەکردنی سیمانتیکی درکپێکردن نەخشەدەکێشن و پێکیدەهێنن. زمانەوانانی قوتابخانەی زانینی میتافۆریان لە بەندی زمان دەرهێنا، کە بۆماوەی زیاتر لە دوهەزار ساڵ دەبو لەوبەندیخانەیەی زماندابو، واتە لە ئەرستۆوە تا دەگاتە پراگماتیکییەکان. میتافۆر دیاردەیەکی زمانی نییە، کە لەئەنجامی گۆڕینی واتای پیتی بۆ مانای خوازراو دروستبوبێت، بەڵکو کارێکی

هەستی ناوەکی بیرە، کە بەهۆی سیستەمی بیرکردنەوە و ئەزمونکردنی ژیانەوە دروستدەبێت. میتافۆر تەنها دیاردەیەکی تایبەت بە شاعیران و ئەدیبان و بەهرەمەندان نییە، بەڵکو دیاردەیەکی هاوبەشی نێوان هەمو خەڵکە بەشارستانی وناشارستانی، زانا و نەزان، تایبەت و گشتی، تەنانەت ئەو منداڵانەش بەکاریدەهێنن، کە ئەزمونی ژیانیان دیاریکراوە. زمانەوانانی قوتابخانەی زانینی شۆرشێکیان بەرامبەر بە تێگەیشتنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ بەرامبەر جیهان و زمان و ڕۆشنبیری بەرپاکرد. ئەم دیدوبۆچونەشیان لەچەند بنەمایەکی گرینگدا باسدەکەین:

1) میتافۆر سروشتەکی بیری هەیە.

2) پێڕەوی بیریمان بەشێکی زۆری لەسەر بنەمای میتافۆرییە.

3) میتافۆر لەهەمو بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەماندا ئامادەیی هەیە، بەئەزمونیی جێبەجێی دەکەین.

4) ئەرکی میتافۆر توانای تێگەیشتنمانە لەچەمکە ئەبستراکتەکان، نەوەکو بۆ ئامانجی هونەری و جوانی زمانی.

5) لێکچواندنەکان نەوەستاوەتە سەر شتەکان، بەڵکو وەستاوەتە سەرکارلێک لەگەڵ شتەکان.

6) ئەو میتافۆرانەی بەهۆیانەوە دەژین، بەرهەمی هزری و ڕۆشنبیرییە هەرچ میتافۆرێکیش لەدەرەوەی ئەو ڕۆشنبیرییە ئەزمونکرابێت دەبێتە هۆی لەکارخستنی کاری تێگەیشتن و پەیوەندی (البوعمران 2009: 124).

بەمشێوەیە میتافۆر لەلای زمانەوانانی قوتابخانەی زانینی وا دەناسرێت، کە کاری تێگەیشتنە لەبوارێکی هزری لە ڕێگەی بوارێکی بیری دیکەوە. بۆنمونە، تێگەیشتن لەژیان لەڕێگەی گەشتەوە، یان مشتومر لەڕێگەی شەڕەوە، یان خۆشەویستی لەڕێگەی ئاگرەوە. کە بواری یەکەمیان بواری ئامانجەو بواری دوەمیان بواری سەرچاوەیە. پێیانوایە میتافۆر لەبنەڕەتدا هۆکارێکە بۆ تێگەیشتن و ئەزمونکردنی یەکجۆر شت لە ڕوانگەی شتێکی دیکەوە، هەروەها میتافۆر ڕۆژانە لەژیانی مرۆڤدا بەکاردەهێنرێت و بەشێکە لە کاروکردەوە و بیرکردنەوەی. ئەو سیستەمە چەمکییە ئاساییەی بەهۆیەوە بیردەکەینەوە لەبناغەدا میتافۆرییە. کەواتە چەمکەکان گرینگیەکی زۆریان هەیە، چونکە کۆنترۆڵی ئەرکی ڕۆژانەمانیان لە دەستدایە.

## 4/1) جۆرەکانی میتافۆری چەمکی

ئەم دابەشکردنەی ئێمە لە ڕوانگەی قوتابخانەی زانینییەوەیە، (لاکۆف)، کە ڕێبەری تیۆری میتافۆری چەمکییە، میتافۆری چەمکی بەمشێوەیە دابەشدەکات:

1)میتافۆری دروستەیی/بونیادی: ئەوانەن کە تیایاندا چەمکێک لەڕوانگەی چەمکێکی ترەوە بەشێوەی میتافۆر دادەڕێژرێت. (Lakoff & Jonson 1980: 80). لەڕێگای میتافۆرە چەمکییەکانەوە دەتوانین شێوازی بیرکردنەوە و درککردن و هەڵسوکەوتی ئاخێوەر دیارییکەین. بۆسەلماندنی ئەو ڕاستییەی چەمکێک میتافۆرییە، دەبێت سود لە چالاکی ڕۆژانەی قەسەکەر وەربگرین. بۆنمونە، (ژیان گەشتە)، میتافۆرێکی پێکهاتەییە، لەو نمونەیەدا چەمکێک خاوەن پێکهاتەیەکی وردە و سنورەکانی بە ڕونی دیاریکراوە بۆ دارشتنی چەمکێکی تر بەکاردەهێنرێت. توانای ئەو میتافۆرە پێکهاتەییانە بۆ بەستنەوەی دو شتی جیاواز بۆ خەیاڵی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی لێکچون و جیاوازییەکان لەڕێگەی بیرکردنەوە و خەیاڵی مرۆڤەوە دێنەکایەوە.

2)میتافۆری ئاڕاستەییانە: لەمجۆرە میتافۆرەدا باس لە دەربڕینی چەمکێکی میتافۆری لەڕێگەی چەمکێکی ترەوە ناکەین، بەڵکو پەیرەوێکی داڕێژراوی تەواومان هەیە، کە لەچەند چەمکێکی پەیوەندیدار بەیەکەوە پێکهاتوە، پێکەوە میتافۆری ئاڕاستەییانە دادەڕێژن. ئاڕاستە فەزاییەکانی وەکو (ژێرەوە، سەرەوە، لەپشت، لەبەردەم، لەخوار، لەقولایی، لەناوەڕاست، لەپەراوێزدا، ...هتد.)، قسەکەر بەوشێوە وێنای دەکات، جەستەی قسەکەر ڕۆڵی لەئاخاوتنەکان هەیە، کە جەستەی قسەکەر بەگوێرەی ئەم ئاڕاستانە دیاریدەکرێت. (شیلان و بەهرە 2022: 196).

3)میتافۆری ئەنتۆلۆجی: پەیدابونی ئەم میتافۆرانە بەهۆی ئەوەوەیە کە ئەزمونی فراوانی مرۆڤ لەگەڵ شتە فیزیکییەکانە، قسەکەر چالاکی و کردەکان و هەستەکان و بیرکردنەوەکانی وەکو کیان و مادده سەیردەکات. میتافۆری ئەنتۆلۆجیانە بۆ تێگەیشتن لە ڕوداو و کردەکان و چالاکی و بارەکان (حاڵەتەکان)بەکاردێت. بەشێوەیەکی میتافۆریانە ئەم چەمکانە لەزماندا وێنادەکەن وەک ئەوەی مامەڵە لەگەڵ شتێکی ماددیدا بکەین. بۆنمونە، لەنێو بیروباوەڕ و ئەزمونی نەتەوەی کورددا چەمکی میتافۆری ئەنتۆلۆجیانەی هەر دو چەمکی (قەیرانی دارایی، گەندەڵی) ئامادەیە. وەکو کێشەیەکی چارەسەرنەکراو سەیریدەکەین، پەنادەبەینە بەر ئەوەی کە ئەم دو چەمکە ڕۆحی تێدابێت و زیندو بێت و بمانەوێت لەناوی ببەین، یان شتێکی ماددیبێت و بیشکێنین یان بیروخێنین. بەگشتی میتافۆری ئەنتۆلۆجی بەسەر سێ جۆردا دابەش دەبێت:

ا) میتافۆری ئەنتۆلۆجی (بون و مادده): نمونەیەک بۆ ئەمجۆرە میتافۆرە چەمکییە بریتییە لە(هەڵئاوسان)بونە قەوارەیە، ئەمانەی خوارەوە نمونەی بەرجەستەکراوی ئەم میتافۆرە چەمکییەن:

- هەڵئاوسان گوزەرانی خەڵکی زۆر خراپ کردوە.
- دەبێت شەری هەڵئاوسان بکەین و لەناوییبەرین.
- ئەگەر هەڵئاوسان هەروا بەردەوام بێت، کەسمان بەزیندویی دەرناچین.

- کرینی زەوی باشترین ڕێگایە بۆ زاڵبون بەسەر هەڵئاوساندا.

لەم نمونانەی سەرەوەدا بەڕونی دەبینین، کە تەماشاکردنی هەڵئاوسان وەکو (بونێک یان قەوارەیەک) دەرگامان بۆدەکاتەوە، کە چاکتر دەستنیشانی بکەین یان بیناسینەوە یان وەکو مەسەلەیەک یان وەکو گرفتێک بیبینین و چاکتر تێیبگەین. ئەمجۆرە میتافۆرە ئەنتۆلۆجیانە زۆر گرینگ و پێویستن تا بتوانین بەشێوەیەکی ئەقڵانی مامەڵە لەگەڵ ئەزمونە مرۆییەکاندا بکەین. (جەواد 2021: 52).

ب) میتافۆری ئەنتۆلۆجی (دەفر یان کۆنتەینەر):لەشی مرۆڤ لە ڕوکاری دەرەوەیدا پێستێکی پێوەیە، هەر ئەو پێستەشە کە خاڵی جیاکەرەوەی نێوان ئێمەو دنیای دەرەوەمانە، کەواتە لەشمان وەکو دەفرێک وایە بەرگی دەرەوەی هەیەو ئەو بەرگەی ناوەوەی داپۆشیوە، هەروەها زۆر شتی دیکەی دنیای فیزیکی چواردەوریشمان دەکرێ بەهەمان شێوە وەکو دەفرێک ببینرێن، بۆ نمونە،(ژور، ماڵ، مەنجەڵ، سەلاجە، ...هتد)، هەروەها چەندین چەمکی ئەبستراکتی وەکو خۆشەویستی و ڕق و گرفت و ...هتد، وەکو میتافۆری دەفر سەیردەکرێن. (سەرچاوەی پێشو).

- کچەکە پڕبو لە ڕق و کینە. (لەش، بریتییە لە دەفر).
- خەریکە وردە وردە لەحاڵەتی بێ هۆشیەکەی دەردەچێ. (بێ هۆشی، بریتییە لە دەفر).
- ئێستا لەبەرچاوان ون بو.(بینین، بریتییە لە دەفر).

ت) میتافۆری ئەنتۆلۆجی(مرۆڤاندن):ئەمەیان تایبەتمەندییەکی ئاخاوتنە، کە تیایدا شتێک بۆ شتێکی فیزیکی وەکو مرۆڤ وێنادەکرێت. ئەم تایبەتمەندییە وایکردوە کە چەندین دیاردەی نا پەیوەست بە جوڵە و چالاکی مرۆڤ لە ڕوانگەی چالاکییە مرۆییەکانەوە وێنابکرێن و بخرێنە چوارچێوەی قالبی تایبەتمەندییە مرۆییەکانەوە.

- ژیان غەدری گەورەی لێکردوین. (ژیان، وەکو مرۆڤ).
- ئایینەکەی پێیدەڵێت، کە مەشروب نەخواتەوە. (ئایین، وەکو مرۆڤ).

## 5/1)بواری سەرچاوە و بواری ئامانج

- تیۆری میتافۆری چەمکی لەسەر دو بواری چەمکی جیاواز کاردەکات، کە بریتین لە بواری سەرچاوە و بواری ئامانج، ئەو بوارە چەمکیانەن دەربڕینە میتافۆرییەکانی لێدەکێشین بۆ تێگەیشتن لە بوارێکی تری چەمکی پێیدەگوترێت بواری سەرچاوە. (Lakoff and johnson1980:60) لەکاتێکدا ئەو بوارە چەمکییەی کە لە ڕێگەی بواری سەرچاوەوە دەناسرێت پێیدەگوترێت بواری ئامانج، کەواتە

ئامانج لەمیتافۆری چەمکی ئەوەیە کە لەڕێگەی چەمکی سەرچاوەوە چەمکی ئامانج تێبگەین. مرۆڤ بەردەوام هەوڵدەدات بۆ ناسین و تێگەیشتن و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر شتەکانی ناو دنیای دەوروبەری خۆی، هەرشتێک لەژیانی ڕۆژانەیدا بەرهەستەکانی دەکەوێت لەسەربنەمای پرۆسەیەکی زانینی و ئەزمونکردن لەمێشکیدا دەچەسپێت، مرۆڤ بەردەوام هەوڵدەدات زانیاریەکانی زیادبکات و شتەکانی دەوروبەری ئەزمون بکات، ئەم ئەزمونکردنەش بەشێوەیەکی سیستەماتیکی لەبیر و زمان ڕەنگدەداتەوە و ئەو سیستەمە چەمکییە ئەزمونکراوە دەکاتەوە بەبنەمای ئەزمونکردنی چەمکە نائاشناکان،(هاشمی 1389: 1329).

## 6/1)هاوگیری( پەیکاڵبون)ی، میتافۆری لەنێوان بواری سەرچاوە و ئامانجدا

(لاکۆف) ئەوە دەچەسپێنێت، ئەو بنەما(مبدء) گشتییەی لەسەری دەرۆین، لەسروشتی ڕستەسازی یان فەرهەنگییەوە دروست نەبوە، بەڵکو لەوسیستەمە چەمکییەی لەهزری قسەکەر دروستبوە. ئەم بنەمایەش وەستاوەتەسەر ئەوەی نواندنی بوارێک لەسەر بنچینەی بوارێکی دیکە بە پەیوەندی نێوەندگیری هاوگیر (پەیکاڵ)ی چەمکییە.(الزناد 2009: 143).

(لاکۆف)کۆی ئەوە ناودەنێت، هاوگیری زانیاری پەیوەست بە بواری سەرچاوە و زانیاری پەیوەست بەبواری ئامانج، ئەو گونجانە هزرییە. میتافۆرەکان لەو گونجانانەوە دروستدەبن. بەم نمونەیە ئەمە ڕوندەکەینەوە: (ژیان گەشتە)، بواری سەرچاوە: گەشتە بواری ئامانج: ژیانە.

پەیکالبون(هاوگیر)یەکە، میتافۆرەکە وەستاوەتە سەر ئەو گونجانانە:

- لەگەشت خاڵی دەرچون یان شوێن. لەژیان، لەدایکبونە.
- لەگەشت خاڵی گەیشتن یان کۆتایی. لەژیان، خاڵی کۆتایی مردنە.
- لەگەشت وێستگەکان شوێنە. لەژیان، وێستگەکانی تەمەنە.
- لەگەشت بەرەوپێشچون لەشوێندا. لەژیان، زیادبونی ژمارەی کاتەکانە.
- هێڵی گەشتەکە لەشوێندا. ماوەی ژیانە.
- ناخۆشیەکانی ڕێگا لە گەشتدا. گرفت و ناخۆشییەکانی ژیان.
- ئامانج لەگەشت گواستنەوەیە. ئامانج لەژیان، ژیان کردنە بە هەمو ماناکانییەوە.

بەهەمو ئەو گونجانانە، ئەو میتافۆرەی (ژیان گەشتە)یان دروستکردوە.

## 7/1)تایبەتیەتی پەیکاڵبون(هاوگیر)ی، میتافۆری بواری سەرچاوە ئامانج

ا)پەیکاڵبون(هاوگیریی)ە، میتافۆرییەکان هەڕەمەکی نین: هاوگیرییە میتافۆرییەکان هەروا بەهەڕەمەکی نایەنەکایەوە و کارناکەن، بەڵکو ڕیشەیان لە لەشی مرۆڤ و ئەزمون و مەعریفەی مرۆڤدایە. هاوگیرییە میتافۆرییەکان لە ڕوی گشتگیری هەمەلایەنیەوە دەگۆڕێن و جێگیرنین لە فەرهەنگ و لە کەلتورێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێن. هاوگیریەکی میتافۆری بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێککەوتن و یەکانگیری وجودی لەنێوان قەوارەکانی نێو بواری سەرچاوە لەگەڵ قەوارەکانی نێو بواری ئامانجدا. (جەواد 2021: 46).

ب) پەیکاڵبون(هاوگیریی)ەکان، لەنێوان ئاستە بەرزەکانی وتەکاندادەبن:ئاستی بەرزی وتەکان ئەو زانیارییە گشتی و دیارانەن کە لەبواری سەرچاوەو بواری ئامانجدا پەیکاڵدەبن، واتە ئەو زانیارییە دیار و باوانەن لە وتەکاندا بەزەقی دیارن. هەروەک لەنمونەی(ژیان گەشتە)داخستمانە ڕو. کە پەیکاڵبونەکە لەنێوان (ژیان) و (گەشت) بو. (ژیان) ڕێگایەکە مرۆڤ دەیبڕێت، لێرەدا (ڕێگا) زانیارییە گشتی و دیارە و ئاستی بەرزی وتەکەیە، لە ناو ئەو وتەیە کۆمەڵێک زانیاری تر هەیە وەک دەرچەو ڕێڕەو و خاڵی دەستپێک و زۆر شتی تر، بەڵام پەیکاڵبون(هاوگیرییە)کە لەئاستی بەرزی وتەکە لەنێوان هەردو بوار دەبێتە هۆی فراوانی واتای وتەکە.

ت) پەیکاڵبون(هاوگیرییە) میتافۆرییەکان بەشەکین نەک هەمەکی: (لاکۆف و جۆنسن 1980)، باس لەوەدەکەن، کە هاوگیرییە میتافۆرییەکان هەردەم بەشەکین، واتە تەنها یەک بەش لەبونیاتی سەرچاوە جوت دەبێت لەگەڵ بواری ئامانج، هەروەها دەڵێن میتافۆرە چەمکییەکان تەنها تێگەیشتنێکی بەشەکی نەک تەواوەتیمان لە بواری ئامانجەکە بۆ فەراهەم دەکەن.(جەواد2021: 49) بۆنمونە(تیۆرەکان بینان).

- بناغەی تیۆرەکە ئەمەیە.
- پێویستمان بەوەیە تیۆرەکە بەبەڵگەو ئارگومێنتی پتەوتر بەهێزبکەین.
- تیۆرییەکەیان لەڕەگەوە هەڵتەکاند.
- گریمانەکانی ناوتیۆرەکە هەموی فشەڵبون.

ئەم میتافۆرە چەمکیانەی سەرەوە لەبیرۆکەی بیناو تەلارو خانو وەرگیراون. لێرەدا سەرنج دەدەین، کە ئەو بەشەی بواری سەرچاوەکە(واتەبیناکە) کە بۆ وێناکردنی بواری ئامانجەکە (تیۆر) بریتین لە بناغە و دیوی دەرەوە. میچ و ژورەکان و ناوەوە و پلیکانە و هۆڵ و ڕاڕەوەکان و ئەو بەشانەی بیناکەن، کە وەکو بەشی هاوشێوەی بواری ئامانجەکە بەکارنەهێنراون. کەواتە میتافۆری چەمکی(تیۆرەکان بینان) بەشەکی بەکارهێنراوی هەیە، کە بناغە و دیوی دەرەوەیە و بەشێکی بەکارنەهێنراوی هەیە، میچ و ژورەکان و ناوەوە و پلیکانەو هۆڵ و ڕاڕەوەکان و...هتد.

پ) پەیکاڵبون(هاوگیرییە) میتافۆرییەکان، پەیڕەوی لە بنەمای نەگۆڕی دەکەن: پەیڕەوکردنی بنەمای نەگۆڕی، واتە ئەوەی کە پێکهاتەی سکیمای وێنەیی بواری سەرچاوە بەبواری ئامانجەوە گرێدەدات بەجۆرێک کە هاوڕێک و تەبابێت لەگەڵ پێکهاتەی ناوەکی بواری ئامانجدا. بەپێی ئەم بنەمایە ڕێکخستنی سکیما وێنەییەکان لەسەرجەم هاوگیرییە میتافۆرییەکاندا بە نەگۆڕی دەمینێتەوە بەو هۆیەشەوە ئەم بنەمایە ڕێگری دەکات لەبونی هاوگیری ناهاوسەنگ و نەگونجاو لەنێوان بوارەکانی سەرچاوەو ئامانج، بۆ نمونە(مردن)، دەتوانێ قوتبدات، لوشی بکات، لەناوببات، بیروخێنێ...هتد. ئەم نمونانە پێمان دەڵێن کە چەمکەکە دەتوانێ هەندێ سیفاتی مرۆیی وەرگرێت. بەڵام لەسەرێکی ترەوە دەبینین ناکرێ چەمکی(مردن) وەکو میتافۆر لەبواری وەکو، وانەوتنەوەو کڕین و فرۆشتنی کێک و دانیشتن لەسەر کورسی، بەکاربهێنرێت.

ج) پەیکاڵبون(هاوگیرییە) میتافۆرییەکان، یەک ئاڕاستەن: یەک ئاڕاستەیین، واتە دروستەی میتافۆرە چەمکییەکان ڕۆڵەکان لەبواری سەرچاوەوە پەیکاڵ(گیر)دەکەن لەگەڵ بواری ئامانجدا، بەڵام بە پێچەوانەوە نابێت، واتە ناکرێت بواری ئامانج لەبواری سەرچاوە پەیکاڵ(گیر)بکەن. (Evans&green2006:245). بۆنمونە: (عەشق ئاگرە).

(عەشق)لەڕێگەی (ئاگر)ەوە، وێنادەکرێت، بەڵام ناتوانین (ئاگر) لەڕێگەی (عەشقەوە) وێنابکەین، واتە ناتوانین (ئاگر) لەڕێگەی (عەشقەوە) بناسین.

ح) گواستنەوەی سیستماتیکیانە، (بەر ڕوناکیدان و پەنهانکردنی سیماکان): لە میتافۆری چەمکیدا پرۆسەی بەچەمککردنی چەمکی بوارێک و بیرکردنەوە لێی بەهۆی چەمکێکی دیکەوە پرۆسەیەکی سیستماتیکییە، بەواتای ئەوەی میتافۆری چەمکی پرۆسەیەکی مەعریفییە، هەوڵی بنیادنانی کۆمەڵێک پەیوەندی سیستەماتیکییە لەنێوان دو بواری چەمکیدا. کۆمەڵێک سیمای چەمکی بەر ڕوناکی دەدرێن و هەندێک لەسیماکانیشی پەنهان دەکرێن، سیما بەر ڕوناکی دراوەکان بەکاردەهێنین بۆ قسەکردن لەبواری ئامانجدا. (عباس 2022: 82).

## بەشی دوەم

## پەیڕەوکردنی تیۆرەکە بەسەر هەندێ نمونەی زمانی کوردی:

**2/ 1**) زمان دیاردەیەکی میتافۆرییە: سیستەمی هزریی مرۆڤ سروشتێکی میتافۆریانەی هەیە. بەواتای ئەوەی بیرکردنەوەی خۆرسک میتافۆرییەو مرۆڤ میتافۆریانە بیر لەشتەکان دەکاتەوە. لە سیمانتیکی درکپێکردندا زمان ڕەنگدانەوەی هزرە و لەژێر کاریگەری هزردایە. ئەگەر سیستەمی هزریی مرۆڤ

سروشتێکی میتافۆریانەی هەبێت زمانیش ڕەنگدانەوەی ئەو سیستەمە بێت، بێگومان زمانیش ماهیەتێکی میتافۆریانەی دەبێت، واتە زمانیش لەبنەڕەتدا میتافۆریانەیە.(Evans &Green 2006: 288). سیمانتیکی درکپێکردن، هەوڵێکە بۆ ڕەتکردنەوەی بۆ چونە دێرینەکەو دەکۆشێ بۆ سەلماندنی ئەوەی کە بەشێکی زۆر لە زمانی ڕۆژانەی ئاسایی بە خۆرسک میتافۆرییە. بەپێی سیمانتیکی درکپێکردن، میتافۆرەکان ((بەشێوەیەکی وا بەربڵاون لەزماندا کە مەحاڵە تاکەکان بتوانن لە کارلێکی ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا ئەم خوازانە بەکارنەهێنن)). (محمد 2020: 176).

**خشتەی ئیدیۆمەکانی (سەر)**

| سەر وەک توڕەبون و بێزاری | سەر وەک دەسەلات | سەر وەک نەهامەتی و بەدبەختی | سەر وەک زانیاری و تێڕامان | سەر وەک سەروەت و سامان |
|---|---|---|---|---|
| سەر ئەستوربون | سەری ئەو هەمو بەرانە لەمەنجەڵەک ناکوڵێت | سەربەقوڕ(هەش) | سەرم نایەشێت بۆ پەڕۆی تێپیچم | سەری گەورە دەوڵەتە |
| سەرئێشان | سەری گەورەمانە | سەرت بەتاشین چێت | سەرلەکەس خوارناکاتەوە | سەری بێ ڕزق لەبن گڵدایە |
| سەربادان | تاسەری مارەکە پان نەکرێتەوە هیچ | سەر تیاچون | ئاو کە لەسەرچاوەکەوە لێڵ بێ ڕوونابێتەوە | سەر ماڵ پەیدادەکات |
| سەربزێو | ئەو سەرە هی خۆت نابێت | سەرکزەڵۆک سەر سواڵکەر | کلاویان لەسەری ناوە | سەر بۆ ئێمە ماڵ بۆ ئێوە |
| سەرپێچی | سەربەرز | سەری بەماڵی دوژمندا کرد | سەرناسە | |
| سەر لەئەژنۆ | سەرێکە هێناومە و نایگێرمەوە | سەرەخۆرە | | |
| سەرگران | سەرچۆپیان لەدەستە | | | |
| سەرەچەرمدان | گرینگ ئەوەیە سەر سەلامەت بێت | | | |
| سەریدا لەبەرد | | | | |

بۆ ئیدیۆمەکان سود لە سەرچاوەی(فەرهەنگی ئیدیۆم لەزمانی کوردی) وەرگیراوە.

**2/2)سەر وەک توڕەبون و بێزاری:**

**بواری سەرچاوە: سەر                    بواری ئامانج: تورەبون و بێزاری**

ا_ سەر ئەستوربون. لەم نمونەی سەرەوەدا وەکو تەنێک وێناکراوە، کاتێک کە زیندەوەرێک بەشوێنێکی مرۆڤێکەوە بدات ئەوا ئەو شوێنە ئەستوردەبێت و ئازاری دەبێت، کەسەکە لەبەر ئێش و ژان زۆر بێزاردەکات و جاریواش هەیە دەبێتە هۆی مردنی کەسەکە. چەمکاندنەکە لەبواری سەرچاوە و ئامانجدا هاوگیریەکە لەنێوان هەردو بوارەکە دروستبوە و ئەم ئیدیۆمەی دروستکردوە. هەرکاتێک یەکێک لە یەکێکی تر تورە و بێزاردەبێت ئەم ئیدیۆمە بەکاردەهێنێت.

ب_ سەرئێشان. مرۆڤ کاتێک سەری دێشێت بەهۆی هەر ئازار و زەبرێکەوە بێت، زۆر نارحەت و بێحەوسەڵە دەبێت. لێرەدا (سەر) کە بواری سەرچاوەیە چەمکاندنەکە لەنێوان هەردو بواری سەرچاوە و ئامانجدا دروستبوە و هەردو بوارەکە پەیکاڵبون و ئەم ئیدیۆمەیان دروستکردوە.

ت)سەرباداان. لەزمانی ئاماژەدا سەرباداان بە واتەی نەخێر یان نابێت، واتای نەرێنی هەیە، نارازیبون و بێزاری و جێبەجێنەکردنی کارەکەیە لەلایەن گوێگرەوە. لێرەدا دەبینین چۆن چەمکاندن لەنێوان بواری سەرچاوە و ئامانجداکراوە هەردوکیان پەیکاڵی یەکترکراون و ئەم ئیدیۆمەیان بەرهەمهێناوە، کە واتای نارازیبون و بێزاری و جێبەجێنەکردنی کارەکان، یان ڕەتکردنەوە دێت.

پ).سەربزێو، بەواتای ئەوەی یەکێک جوڵەو حەرەکەی زۆربێت و دەست بە هەموکونێکدا بکات، هەرکاتێک یەکێک دەست بەهەموکونێکدا بکات، جارێکیان شتێکی پێوەدەدات و دەیپێکێ، یان ئەگەر یەکێک جوڵەی زۆربێت، لەئەنجامی ئەمجوڵە زۆرەیە توشی پێکان دەبێت. چەمکاندنەکە لەنێوان بواری سەرچاوە و ئامانجداکراوە و ئیدیۆمەکەیان دروستکردوە.

ج).سەرپێچی، بەواتەی پەیڕەونەکردنی یاسایە، هەرکاتێک کەسێک یاسا پەیڕەونەکات توشی سزادەبێتەوە، ئەو کەسەش بێزار و تورە دەبێت. چەمکاندنەکە لەنێوان هەردوبواری سەرچاوەو ئامانجداکراوە، پەیکاڵی یەکتربون و ئیدیۆمەکەیان دروستکردوە، ئیدیۆمەکەش چەمکی لاساری پەیڕەونەکردنی دەستور و یاسا دەگەیەنێت.

د) سەرلەئەژنۆ، بەواتای کەسێک کێشەیەک یان خەمێکی زۆر یان بیرکردنەوەیەکی قوڵی یان ئازارێکی ڕۆحی هەبێت،ئەمانە هەمویان بێزاری و تورەبون لەکەسەکە دروستدەکەن، بۆ ئەوەی چارەسەرێک بۆ کێشەکەی بدۆزێتەوە یان ئازارەکەی یان خەمەکەی لەبیربکات، سەربەئەژنۆوەی دەنێت، چەمکاندنەکە لەنێوان هەردوبواری سەرچاوە و ئامانجدا کراوە، پەیکاڵی یەکتربون و ئیدیۆمەکەیان دروستکردوە.

م) سەرگران، کاتێک یەکێک بەقسەی بەرامبەرەکەی ڕازینەبێت یان لەژێرفشار جا هەر جۆرە فشارێک بێت ڕازی بێت، یان بڕیارێک یا قسەیەک لەبەرژەوەندی ئەو نەبێت، ئەوا بە جوڵەکانی دەموچاویەوە

دیارە کە ڕازی نییە و پێی ناخۆشە، لێرەدا دەبینین چۆن چەمکاندن لەنێوان بواری سەرچاوە ئامانجدا کراوە بۆ دروستکردنی ئەو ئیدیۆمە، کە واتای بێزاری و تورەبون و ناڕازیبون دەگەیەنێت.

ن). سەرەچەرمدان، بەواتەی ئەوەی هەرکاتێک یەکێک لەلایەنی جەستەییەوە ئازاری یەکێک بدات و بەردەوام بێت لەسەری، کەسی بەرامبەر بەهەرشێوەیەک بێت بەرگری لەخۆی دەکات و ناهێڵێت ئازارەکە بەرجەستەی بکەوێت، لەشی مرۆڤ بەپێست(چەرم)داپۆشراوە دەمارە هستەوەرەکانیش لەپێستدان، ئەم چەمکە لەبواری سەرچاوەوە بۆ بواری ئامانج گواستراوەتەوە پەیکاڵی یەکترکراون. ئەم ئیدیۆمەیان پێکهێناوە، واتە کاتێک یەکێک بەقسە ئەوەندە بەرامبەرەکەی ئازاربدات، ئەم ئیدۆمەی بۆبەکاردێت.

و) سەریدا لەبەرد، ئەوە لای هەموان ئاشکرایە، کە بەرد تەنێکی ڕەقە، هەرشتێکی پێبکەوێت یان بە هەرشتێک بکەوێت ئازار یان زەرەر بەشتەکە دەکەوێت. ئەم چەمکە لەبواری سەرچاوەوە گواستراوەتەوە بۆ بواری ئامانج هەردوبوارەکە پەیکاڵی یەکترکراون چەمکاندنەکە ئەم ئیدیۆمەی دروستکردوە. واتای ئیدیۆمەکەش ئەوەیە، هەر کاتێک ئامۆژگاری یەکێک دەکرێت بەنەکردنی کارێک کە لەبەرژەوەندی ئەودا نییە، بەڵام ئەو هەر مکوڕدەبێت لەسەرکردنی کارەکەی و بەزەرەری خۆشی تەواودەبێت.

لەم نمونانەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە چۆن بەهۆی ئەزمونکردن و شارەزاییەوە چەمکەکان لەبواری سەرچاوەوە بۆ بواری ئامانج دەگوازرێتەوە و بە چەمکاندن ئەم میتافۆری (سەر وەک تورەبون و بێزاری) بەهۆی ئیدیۆمەکانەوە دروستبو و ڕۆژان لەکاتی قسەو گفتوگۆ لەلایەن قسەپێکەران زمانی کوردییەوەبەکاردەهێنرێن.

**3/2)سەر وەک دەسەڵات:**

**بواری سەرچاوە: سەر** **بواری ئامانج: دەسەڵات**

ئەم ئیدیۆمانەی خوارەوە هەمویان یەک میتافۆری چەمکی بەرجەستەدەکەن، ئەویش (سەر دەسەڵاتە)، لەم نمونانەی خوارەوەدا کە (سەر) بواری سەرچاوەکەیە، ئێمە دەمانەوێت لەڕوانگەی بواری سەرچاوە زیاتر لە(دەسەڵات) تێبگەین.

ا) سەری ئەو هەمو بەرانە لەمەنجەڵەکدا ناکوڵێت. ئەم نمونەیە، بەواتای ئەوە دێت ئەگەر بتەوێت چێشتی سەروپێیەکی بەتام و بەلەزەت لێبنێی دەبێت تەنها لەناویەک مەنجەڵ یەک سەروپێی تێبکەیت، بەڵام ئەگەر لەیەک زیاترت تێکرد ئەوا هەندێکیان دەکوڵێت و هەندێکیان ناکوڵێت واتە لەئەنجامدا چێشتەکە خۆش دەرناچێت، لێرەدا چەمکاندنەکە لەنێوان بواری سەرچاوە و ئامانجدا کراوەو پەیکاڵی یەکتربون بەمشێوەیە، دەبینین(سەر) ئاماژەیە بۆ بونی دەسەڵات، واتە لەشوێنێک ئەگەر چەند کەسێک

دەسەڵاتداربن ئەوا ئەم شوێنە نائارامی ناڕەزایەتی و پێشێلکاری یاسایی لێدەکەوێتەوە، بۆیە ناگونجێت چەند دەسڵاتدارێک حوکمی یەک شوێن بکەن.

ب) سەری گەورەمانە. بەشێوەیەکی سروشتی مرۆڤی سەرگەورە زۆر بەئاسانی لەناو مرۆڤە ئاسییەکانی تر دەناسرێتەوە و دیارە، بەگشتی خەڵک بەشێوەیەکی تر سەیری دەکەن، وەکو ئەوەی زیرەکن و ئازان و ناترسێن و خاوەندەسەڵاتن و بڕیاری دروستدەدەن، هەمو ئەم سیفەتە باشانەیان بەهۆی گەورەیی سەریانەوە وەرگرتوە بەحوکمی ئەوەی مێشک کە شوێنی بیرکردنەوەو بڕیاردانە لەمرۆڤدا لەمێشکی خەڵکی گەورەترە. لێرەدا چەمکاندنەکە لەنێوان بواری سەرچاوە، کە (سەرە)و بواری ئامانج (دەسەڵاتە) لەهزری مرۆڤی کورد هاوگیری لەنێوان ئەو دو بوارە ئەم ئیدیۆمەی دروستکردوە، بەواتای دەسەڵاتداری و براگەورەیی و دەستڕۆیشتویی دێت.

ت) تاسەری مارەکە پان نەکرێتەوە هیچ. واتای پیتی ئەم ئیدیۆمە ئەوەیە، مار یەکێکە لە گیاندارە خشۆکە ترسناکەکان، چونکە بەهەر شتێکەوە بدات زۆربەی کات دەیکوژێت، ئەگەر بتەوێت بیکوژی تەنها سەری بەساغی بمێنێت توانای پێوەدانی هەیە و کاری خۆی دەکات، بۆیە لەکاتی کوشتنی پێویستە یەکەجار لەسەری بدرێت و سەری پانبکرێتەوە. چەمکاندنەکە لەنێوان بواری سەرچاوە، کە (سەرە)و بواری ئامانج (دەسەڵات و خراپەکارییە) لەهزری مرۆڤی کورد هاوگیری لەنێوان ئەو دو بوارە ئەم ئیدیۆمەی دروستکردوە، واتای ئەم ئیدیۆمەش ئەوەیە، کە لەدەسەڵاتداری خراپ تاکو کەسی یەکەم مابێت مەترسی هەیە، بە لەناوچونی کەسی یەکەم مەترسیەکە نامێنێت.

پ) ئەم سەرە هی خۆت نابێت. بەیەکێک دەوترێت، کە زۆر کاری سەرکێشی بکات، هەر کارێک و جوڵەیەک مرۆڤ بیکات هەمو ئەندامانی جەستەی بەزۆر و کەم بەشداری تێدادەکەن، بەڵام لێرەدا لەبەر گرینگی (سەر) هەمو چەمک و ڕۆڵەکان لەسەردا کۆکراوەتەوە، چونکە ئەگەر سەر ئازاری پێبگات ئەندامەکانی تر توانای جوڵەیان نامێنێت، چونکە هەمویان فەرمان لەسەر وەردەگرن. چەمکاندنەکە لەنێوان بواری سەرچاوە، کە (سەرە)و بواری ئامانج (دەسەڵات و خراپەکارییە) لەهزری مرۆڤی کورد هاوگیری لەنێوان ئەو دوبوارە ئەم ئیدیۆمەی دروستکردوە، واتای ئیدیۆمەکەش نەمان و لەناوچون دەگەیەنێت.

ج) سەربەرز، بەواتای هەریەکێک لەناو کۆمەڵگاو خەڵکی ئیشی باش بکات ڕەوشتی جوانبێت، ئەوا سەری بەرزە و خۆشی و خەڵکیش شانازی پێوەدەکەن و بەباش ناوی دەبەن و ستایشیدەکەن. لێرەدا دەبینین درکپێکردنی تاکی کورد بەکاری باش و ڕەوشتی بەرزو سودگەیاندن بەدەوروبەر لەئاوەزیدا چەمکێندراوە لەنێوان هەردو بواری سەرچاوە و ئامانج، لەڕێگەی(سەرەوە) دەربڕراوە.

د)سەرێکە هێناومە و نایگێرمەوە، واتای ئەوەی پاشگەزنابمەوە لەکارەکەم و بەردەوام دەبم تاکۆتایی، لێرەدا درک بەئازایەتی و بوێری و نەترسی ...هتد، دەکرێت. چەمکاندنەکە لەنێوان بواری سەرچاوە، کە (سەرە)و بواری ئامانج(دەسەڵاتە) لەهزری مرۆڤی کورد هاوگیری لەنێوان ئەو دو بوارە ئەم ئیدیۆمەی دروستکردوە، ئیدۆمەکەش واتای بەردەوامی و کۆڵنەدان تاگەیشتنە ئامانج دەگەیەنێت.

م) سەرچۆپیان لەدەستە، لە شایی و هەڵپەرکێی کوردەواریدا سەرچۆپی ئەو کەسەی کە جڵەوی شاییەکەی لەدەستەو هەڵیدەسوڕێنێت، چەمکاندنەکە لەنێوان بواری سەرچاوە، کە (سەرە)و بواری ئامانج(دەسەڵاتە) لەهزری مرۆڤی کورد هاوگیری لەنێوان ئەو دو بوارە ئەم ئیدیۆمەی دروستکردوە، کە بەواتای دەسەڵات و سەردەستەبون و پێشەوایەتییە، کە چەمکەکەی لە کارێکی کەلتوریی تایبەت بە گەلی کورد خۆیەوە وەرگیراوە.

ن) گرینگ ئەوەیە سەر سەلامەت بێت، واتای پیتی ئەم ئیدیۆمە، لەبەرئەوەی سەر زۆربەی ئەندامە گرینگەکانی لاشەی تێدا کۆبۆتەوە بەتایبەتی مێشک، کە فرمان بۆ هەمو ئەندامەکانی دیکە دەنێرێت، ئەمە گرینگی سەرمان لە ڕوی جەستەییەوە بۆ دەردەخات، بەنەمانی سەر هەمو ئەندامەکانی تر لەکاردەکەون و نامێنن، چەمکاندنەکە لەنێوان بواری سەرچاوە، کە (سەرە)و بواری ئامانج (دەسەڵاتە) لەهزری مرۆڤی کورد هاوگیری لەنێوان ئەو دوبوارە ئەم ئیدیۆمەی دروستکردوە، واتەی ئیدیۆمەکە بریتییەلە، مانەوەی سەرکردەی باش و خزمەتکاری خاک و وڵات زۆر پێویستە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا، خەڵکی ئاسایی وەکو ئەمجۆرە کەسانە کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگا نابێت.

**4/2)سەر وەک نەهامەتی و بەدبەختی:**

**بواری سەرچاوە: سەر بواری ئامانج: نەهامەتی و بەدبەختی.**

لەم نمونانەی خوارەوەدا(سەر) دەبێتە وێنە و چەمکی نەهامەتی و بەدبەختی، واتە وێناکردنی نەهامەتی و بەدبەختی لە ئاوەزی مرۆڤی کوردا لەسەر(سەر) بنیادنراوە.

ا) سەر بەقوڕ، لەکۆمەڵگەی کوردیدا کاتێک یەکێک توشی ناخۆشیەکی گەورە، مردنی کەسێکی نزیک و خۆشەویست، کەسە نزیکەکانی بەتایبەتی لە ڕەگەزی مێ قوڕیان بەسەرسەری خۆیاندا دەکرد یان سەری خۆیان لە قوڕ هەڵدەکێشا، وەک دەربڕینی خۆشەویستی و غەمباری بۆ لەدەستدانی کەسەکە. چەمکاندنەکە لەنێوان بواری سەرچاوە، کە (سەرە)و بواری ئامانج (نەهامەتی و غەمبارییە) لەهزری مرۆڤی کورد هاوگیری لەنێوان ئەو دو بوارە ئەم ئیدیۆمەی دروستکردوە، واتای ئیدیۆمەکە بریتییەلە، نەهامەتی ونسکۆ و غەم و پەژارە.

ب) سەرت بەتاشین چێت، ئەمە زیاتر بۆ ئافرەتان بەکاردێت، چونکە لەکۆمەڵگەی کوردی ئافرەت نابێت سەری بتاشرێت، تەنها لەبارێکدا نەبێت ئەویش ئەگەر کارێکی نابەجێیکردبێت، کە لەگەڵ دابونەریتی کوردەواریدا نەگونجاوبێت، وەکو سزایەکی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی ببێتە عیبرەت بۆ هەمو خەڵکی و کەسی تر زاتی ئەوە نەکات ئەم کارەبکات. چەمکاندنەکە لەنێوان بواری سەرچاوە، کە (سەرە)و بواری ئامانج(نەهامەتی و بەدبەختی و غەمبارییە) لەهزری مرۆڤی کورد هاوگیری لە نێوان ئەو دو بوارە ئەم ئیدیۆمەی دروستکردوە، لێرەدا دەبینین چەمکی سەرتاشین

گواستراوەتەوە بۆ تەمبێکردن و عیبرەت وەرگرتن و دوبارەنەکردنەوەی ئەمجۆرەکارانە.

ت) سەرتیاچون، واتای لەناوچون و نەمان و تیاچونی تاک دەگەیەنێت، هەر وەک لەنمونەکانی پێشتریش گرینگی سەرمان لەچاو ئەندامەکانی تری جەستە ڕونکردەوە. چەمکاندنەکە لەنێوان بواری سەرچاوە، کە (سەرە)و بواری ئامانج (نەهامەتی و غەمبارییە) لەهزری مرۆڤی کورد هاوگیری لەنێوان ئەو دو بوارە ئەم ئیدیۆمەی دروستکردوە، پێکهاتە چەمکییەکەی (سەر تیاچون) ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی چەمکی مردن و نەهامەتی و تیاچونە لە ئاوەزی تاکی کورددا.

پ) سەر کزەڵۆک، سەر سواڵکەر، واتە فەقیری و خۆ بەدورگرتن لە کەسانی ترو پاڕانەوەو ڕەشبینی و نەهامەتی دەگەیەنێت. چەمکاندنەکە لەنێوان بواری سەرچاوە، کە (سەرە)و بواری ئامانج (نەهامەتی و غەمبارییە) لەهزری مرۆڤی کورد هاوگیری لەنێوان ئەو دو بوارە ئەم ئیدیۆمەی دروستکردوە، چەمکاندنەکە لەنێوان بواری سەرچاوە، کە (سەرە)و بواری ئامانج (نەهامەتی و بەدبەختییە) لەهزری مرۆڤی کورد هاوگیری لەنێوان ئەو دو بوارە ئەم ئیدیۆمانەی دروستکردوە.

ج) سەری بەماڵی دوژمن داگرت، واتای پیتی، کۆتا ناچاری و بەدبەختی و نەهامەتی و بێدەرەتانی دەگەیەنێت. دوژمن واتە دولایەنی ناحەزی یەکتری لە هەموبوارێکدا، هەرکاتێک بگەنە یەکتری یەکتری ئازاردەدەن تا دەگاتە حاڵەتی کوشتنیش، بۆیە دوژمنەکان بەهەر جۆرێک بێت هەوڵدەدەن چاویان بەیەکتر نەکەوێت و یەکتری نەبینن. بەڵام ئەم ئیدیۆمە باسی سەردانیکردن و خۆخستنە ماڵی دوژمنە، واتە ئەوپەڕی ناچاری و نەهامەتی. لێرەدا چەمکاندنەکە لەنێوان بواری سەرچاوە کە سەرە و بواری ئامانج کە نەهامەتی و بێدەرەتانی و بەدبەختی و ناچارییەکراوە و پەیکاڵی یەککراون. ئەم ئیدیۆمەیان بەرهەمهێناوە.

د) سەرەخۆرە، بەو کەسانە دەوترێت، کە بەهاتنیان بۆ سەر دونیا یان بۆ هەرشوێنێک بێت، دەبێتە هۆی لەدەستدان و مردنی یان لەناوچونی کەسێک، یان لەناوچونی کەسانی تر یان هاتنی نەهامەتی و

بەدبەختی بۆ ئەو شوێنە. لەئاوەزی مرۆڤی کورددا چەمکاندن لەنێوانی بواری سەرچاوەو ئامانج کراوە و ئەم ئیدیۆمەی دروستکردوە.

### 5/2)سەر وەک زانیاری و تێڕامان:

**بواری سەرچاوە: سەر بواری ئامانج: زانیاری و تێڕامان**

ا) سەرم نایەشێت بۆ پەڕۆی تێپێچم، هەرکەسێک کاتێک هەست بەئازارێک لەسەری بکات بەپارچە قوماشێک یان هەرشتێکی لەوبابەتە دەیپێچێت بۆئەوەی ئازارەکەی کەمبێتەوە، هەر کاتێک کێشەیەک یان کارێک کە پەیوەندی بەتۆوەنەبو پێویست ناکات خۆتی تێهەڵقورتێنی و بیکەیت بەهی خۆت، چونک لەدوایدا گرفتت بۆدروستدەبێت لەوانەیە لێیدەرنەچیت یان بەزەحمەت لێی دەرچیت. لە ئاوەزی مرۆڤی کورددا چەمکاندنەکە لەنێوان بواری سەرچاوە و ئامانجداکراوە، کە چۆن گرفت وکێشە لەگەڵ ئێش و ئازار هەروەها چارەسەری کێشەبە زانیاری عەقڵ و دانایی و ئێش یان ئازاری سەریش بەپێچانەوە بە پارچەقوماش پەیکاڵی یەکتری کراون و ئەم ئیدیۆمەیان دروستکردوە.

ب) سەر لەکەس خوارناکاتەوە، لەکاتی چاکوچۆنی و هەواڵ پرسین یان سەردانیکردن بەجێگەیاندنی سیلەی ڕەحم مرۆڤ بەبێ ویستی خۆی سەری کەمێک خواردەکاتەوە یان لەکاتی لەدەرگادان سەری خواردەکاتەوە. لێرەدا دەبینین سەردانیکردن و هاتوچۆکردن لەنێوان یەکتری دەبێتەهۆی خۆشەویستی و ڕاگۆڕینەوە و ئاگاداربون لەحاڵ و باری یەکتری لەهەمو ڕویەکەوە خۆشی و ناخۆشی و وەرگرتنی زانیاری و ئاڵوگۆرکردنی لەگەڵ یەکتری و تۆکمەکردنی لایەنی کۆمەڵایەتی. چەمکاندنەکە لێرەدا لەنێوان بواری سەرچاوە کە سەرخوارکردنەوە، و ئامانج سەردانیکردن و ڕاگۆڕینەوەو وەرگرتنی زانیاری و ئاگاداربون لەباروگوزەرانی ژیانیان و هاوکاریکردنی یەکتری لە خۆشی و ناخۆشی پەیکاڵی یەکتری کراون و ئەم ئیدیۆمەیان دروستکردوە.

ت) ئاو کە لەسەرچاوەکەوە لێڵ بو لە خوارەوە ڕوننابێتەوە، ئاو لەو سەرچاوەی لێیهەڵدەقوڵێت قوڕاوی بکەیت هەر بەقوڕاوی دەڕوات و ڕوننابێتەوە. لەبچوکترین یەکەی کۆمەڵگا کە خێزانە ئەگەر بەخراپی پەروەردەکران ئەوا کۆمەڵگایەکی خراپ دروستدەبێت، بەهەمان شێوە دەسەڵاتداری ئەگەر ئەوانەی لە ترۆپکی دەسەڵاتن، بەشێوەیەکی خراپ دەسەڵاتیان بەکارهێنا لەخوارەوە چاکناکرێت. لێرەدا دەبینین چەمکاندنەکە لەنێوان بواری سەرچاوە و ئامانج کراوە، کە چۆن سەرچاوەی سەرەکی هەمو شتەکان وەک دەسەڵات پەروەردە یاسا...هتد، پەیکاڵکراوە لەگەڵ سەرچاوە هەڵقوڵانی ئاو لەسەری سەرەوەیە و بەسەر بەستراوەتەوە، دواتر بەهۆی چەمکاندنەوە ئەم ئیدیۆمەیان دروستکردوە.

پ) كڵاویان لەسەری ناوە، سەر یەكێكە لە ئەندامە هەرە هەستیارەكانی هەمو گیانلەبەرێك بۆیە هەمو گیانلەبەران بەهەموشێوەیەك پارێزگاری لێدەكەن ناهێڵن بەهیچ شێوەیەك هیچ شتێكی لێ نزیك ببێتەوە نەوەكو ئازاری لە ڕوی ماددی و مەعنەوی پێبگەیەنێت. كڵاو یەكێكە لەو شتانەی كەشێوەو جۆری جیاوازی هەیە و تایبەتە بەسەر جابۆ مەبەستی تایبەتی لەسەردەنرێت. جا ئەگەر یەكێك بیەوێت فێڵ لەیەكێكی تربكات بۆ هەر مەبەستێك بێت، ئەوا لە ڕێگەی دانیشتن و گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕكردنی زانیارییەوە دەبێت، كە ئەمانەش هەموی بەمێشك وەردەگیرێت واتە دەخرێتە سەرەوە. لێرەدا دەبینین چۆن چەمكاندن لەنێوان بواری سەرچاوە و ئامانج كراوە، كە لەنێوانی لایەنی ئەبستراكت بەهۆی پێدانی زانیاری هەڵەو هەڵخەڵەتێنەر بەمێشكی وەرگر لەگەڵ لایەنی ماددی كڵاو لەسەر سەری یەكێكدابنێی بەبێ ویستی خۆی، هەردوكیان پەیكاڵی یەكتركراون و ئیدۆمەكەیان دروستكردوە.

ج) سەر ناسە، سەر وەكو هەمو ئەندامەكانی تر هی هیچ كەسێك لە كەسێكی تر ناچێت، واتە مرۆڤەكان بە سەریان دەناسینەوەو لێكیان جیادەكەینەوە. واتەی ئیدیۆمەكەش ئەوەیە كە چۆن بە بینینی سەر كەسەكان دەناسینەوە و لێكیان جیادەكەینەوە، هەروەها كەسی بەسەلیقەو زیرەكیش لە ڕێگای گوێ لێبونی قسەو گفتولوفتی قسەكەرەكانەوە بەهۆی زانیارییەكانیانەوە لێكیان جیادەكاتەوە. لێرەدا چەمكاندنەكە لەنێوان بواری سەرچاوە و ئامانجدا كراوە بەوەی كە ناسینەوەی مرۆڤەكان بەهۆی بینینی ماددیانەی ئەندامی سەرەوە، لەگەڵ چەندیەتی و چۆنیەتی ئەو زانست و زانیارییەی هەیەتی كە لایەنە ئەبستراكتەكەیە پەیكاڵكراون و ئیدیۆمەكیان دروستكردوە.

**6/2)سەر وەك سەروەت و سامان:**

**بواری سەرچاوە: سەر بواری ئامانج: سەروەت و سامان**

ا)سەری گەورە دەوڵەتە، مێشك لەناو كاسەی سەر دایەوشوێنی بیركردنەوە بڕیاردان و بەڕێوەبردنە، جا هەركەسێك سەری گەورەبێت ئەڵێن مێشكی گەورەیە و باشتر بیردەكاتەوە و. توانای بەڕێوەبردن و دەوڵەتداری هەیە. چەمكاندن لەنێوانی بواری سەرچاوەو ئامانج كراوەو پەیكاڵ كراون و ئیدیۆمەكەیان بەرهەمهێناوە.

ب) سەری بێ ڕزق لەبن گڵیدایە، هەركاتێك مرۆڤ دەمرێت هیچ پەیوەندی بەژیانی دنیاوە نامێنێت و لەهەموشتێك دادەبڕێت. واتای ئەم ئیدیۆمە ئەوەیە كە غەمی ڕزق و ڕۆزیت نەبێت تالەسەردنیابیت ڕزقت هەیە. لێرەدا هەمو چەمكی نەمان و لەناوچون و مردن لەسەردا كۆكراوەتە. ئەوە بیركردنەوەی مرۆڤی كوردە ئەم چەمكاندنەی لەنێوان بواری سەرچاوە و ئامانجداكردوە و ئەم ئیدیۆمەی بەرهەمهێناوە.

ت) سەر ماڵ پەیدادەكات، ماڵ سەر پەیداناكات، مرۆڤ كاتێك لەشی ساغ بێت و نەخۆش نەبێت، دەتوانێت بجوڵێت و ئیش بكات، بۆئەوەی بژێوی خۆی و ماڵ و منداڵی پەیدابكات. ساغ وسەلامەتی هەموئەندامەكانی

لەشی مرۆڤ لەسەر کۆکراوەتەوە، چونکە زۆربەی ئەندامەهەستیارەکان لەسەردان. لەئاوەزی مرۆڤی کورددا هەمو چەمکەکانی ساغ و سەلامەتی و جوڵە و ئیشکردن بۆ پەیداکردنی سامان و ماڵ لەسەردا کۆکراونەتەوە و چەمکاندنی پێکراوە و هەردو بواری سەرچاوە و ئامانج پەیکاڵکراون و ئیدیۆمەکەیان دروستکردوە.

پ) سەر بۆ ئێمە و ماڵ بۆ ئێوە، لەژیانی مرۆڤدا دەبینین(سەر) ئەندامێکی چەندە گرینگەو چەندیش پاڕێزگاری لێدەکرێت بۆ بەردوامبون لە ژیان هەمو هەوڵێکی بۆ پارێزگاریکردنیەتی. هەروەها ماڵیش کە هۆیەکە بۆ خۆشگوزەرانی لەلای هەمو تاکێک خۆشەویستە، تاکەکان بەردەوام هەوڵدەدەن بۆ پەیداکردن و کۆکردنەوەی زۆرترین بڕی سەروەت و سامان. لەکاتی شەر و هێرشکردنە سەریەکتری ئەگەری کوشتن و نەمانت گەڵێک زۆرە، جا لەپێناو مانەوەت بەباشترین و چالاکانە هەڵدەکوتییە سەر هێزی بەرامبەر، سەرکردەکانیش بەهای ماڵ و سامان دەزانن، بۆ ئەوەی سەرکەوتوبن لەهێرشەکیان هەڵبژاردەی پێدانی ماڵ و سامانی دوژمن دەخەنە بەردەم جەنگاوەرەکانیان. ئەم چەمکاندنەی بواری سەرچاوەو ئامانج پەیکاڵکردنیان لەئاوەزی مرۆڤی کورددا ئەم ئیدیۆمەی بەرهەمهێناوە.

**ئەنجام**

1) تێروانینی زمانەوانی دێرین و زمانەوانی درکپێکردن بۆ مێتافۆر زۆر جیاوازن لەیەکتری. لەزمانەوانی دێریندا میتافۆر وەکو تایبەتمەندی وشەو دیاردەیەکی زمانی سەیرکراوە و بەمەبەستی هونەری ڕەوانبێژی و یاریکردن بە وشە و ئیستاتیکا بەکارهاتوە، بەڵام لە زمانەوانی درکپێکردندا مێتافۆر وەکو تایبەتمەندی چەمکەکان لەئاوەزدا دەبینرێت و ئەرکەکەشی بۆ تێگەیشتنی باشترو زیاترە لەچەمکەکان.

2) لە زمانەوانی درکپێکردندا سێ جۆر مێتافۆری چەمکی دیاریکراوە، ئیدیۆمەکانی زمانی کوردی دەتوانن بەسەر هەرسێ جۆرەکەدا دابەشببن.

3) مێتافۆری چەمکی لەزمانەوانی درکپێکردندا لەسەر بنەمای دو بواری سەرچاوەو ئامانجدا دروستدەبێت. تێگەیشتن لەبواری سەرچاوە، کە کۆنکریتییە بۆ بواری ئامانج، کە ئەبستراکتە دروستدەبێت.

4) زمان ڕۆڵێکی سەرەکی لەپرۆسەی درکپێکردندا دەگێرێت، چونکە سەرجەم ئەو ئەزمون و شارەزاییەی بەدەستمان هێناوە لەئەنجامی پەیبردنە بە کۆزانیاری ناوەکی و دەرەکی و دواتر بەکۆدکردنی لەئاوەزدا. پەیوەندی نێوان ئیدۆمەکان و توانا درکپێکردنەکان پەیوەندییەکی بەهێزو تۆکمەیە.

5) لەسیمانتیکی زانینیدا، پێکهاتە زمانییەکان لەدەرەوەی زمان دروستدەبن و لەئەنجامی بەرکەوتن و وەرگرتن و کاردانەوەی مرۆڤەوە بەرانبەر شت و دیاردەکان واتا وەردەگرن.

6) بەکارهێنانی میتافۆری چەمکی لە ئاخاوتنی ڕۆژانە بەوشێوە بڵاوە، بۆ تێگەیشتن و ڕونکردنەوەو بیرکردنەوەی گوێگرە لەبابەتی قسە لەسەرکراو.

# Analysis of the idioms of (head) in Kurdish language, from the perspective of cognitive linguistics

**Nawzad Anwer Omer**

Department of Kurdish Language, Faculty of Education, Koya university,Koya,Erbil Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

This study is entitled (Analysis of the idioms of (head) in Kurdish language, from the perspective of cognitive linguistics). Language is one of the most important human achievements and occupies a large space in human life. Therefore, since the ancient times, humans have paid attention to it and tried to understand its secrets.

Idioms are an important part of any language, and studying them helps us to understand the relationship between idioms and metaphors. The school of cognitive linguistics looks at idioms differently from all other linguistic schools. Other linguistic schools have studied the syntactic, semantic and pragmatic aspects of idioms and viewed them as fixed and inseparable structures and expressions. However, the cognitive linguists have a completely different view; they see idioms as conceptual metaphors and interpret every conceptual metaphor in terms of the conceptual matching and interaction between the source and target fields.

Our study is an interpretation of the idioms of (head) from the school of cognitive linguistics’ perspective, in light of the theory of conceptual metaphor, the interpretation of idioms has been conducted. In general, the study consists of the introduction, two chapters, the results and the list of references. The first chapter discusses the perception of both schools of ancient and cognitive linguistics for idioms as well as the theory of conceptual metaphor, types of conceptual metaphors and metaphorical interaction between the source and target fields. In the second chapter, the idioms of (head) have been analyzed according to the theory of conceptual metaphor, followed by the results and a list of references.

**Keywords**: Cognitive Linguistics, Conceptual Metaphor, Idiom, Source Field, Target Field.

## سەرچاوەکان

جواد، هۆشەنگ فاروق، (2020)، پوختەیەکی تیۆری میتافۆرە چەمکییەکان و پەیڕەوکردنی بەسەر هەندێ ئیدۆمی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ژمارە 49.

پیتەر هالبێرگ و زمانەوانانی تر،(2010)، ئامادەکردن و وەرگێرانی ئەنوەر قادر محمد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

شیلان ئەحمەد، بەهرە سلام (2020)، میتافۆرە چەمکییەکان لەزماندا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی7 ژمارە 1.

شێخانی، عبدالوهاب (2009)، فەرهەنگی ئیدیۆم لەزمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

عباس، ئاشنا فارس (2022)،میتافۆر لەشیعرەکانی قوتابخانەی باباندا توێژینەوەیەکی سیمانتیکی مەعریفی، نامەی ماستەر، زانکۆی سلاحەددین.

علی، بەکر عومەر، (2000)، میتافۆر لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

نبی، ڕێبوار ئەحمەد،(2015)، پەیپێبردنی شاوەچە لەسیمانتیکی درکپێکردن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سۆران.

کمال، محمد،(2020)، فەلسەفەی ئەزمونگەرایی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

الأزهر الزناد, (2009), نظريات السانية عرفنية, منشورات الاختلاف, دار محمد علي للنشر.

البوعمران, محمد صالح, (2009), دراسات نظرية وتطبيقية في علم الدلالة العرفاني, الطبعة الأولى, مطبعة دار نهى, صفاقس.

هاشمی، زهره،(1398)، نظرية استعارة مفهومی ازدیدگاه لیکاف و جانسون، شماره(12).

Kovecses, z.(2010), Metaphor:Aproctical introduction, Oxford university press.

Lakoff and Johnson,(1980), Metaphors we Live by, Chicago: The university of Chicago press.

VyVyan Evans and Melanie Grean,(2006), Cognaitive Linguistics: Acomplete Edinburgh University Press.